نێچیرڤان بارزانی لەسەر بانگهێشتی فەرمیی مەحەممەد بن زاید سەرۆکی ئیمارات دەگاتە دوبەی



ئەمڕۆ پێنجشەممە (30ـی تشرینی دووەمی 2023)، نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، لەسەر بانگهێشتی فەرمیی مەحەممەد بن زاید ئال نەهیان سەرۆکی ئیمارات، دەگاتە دوبەی. ئەم سەردانەی نێچیرڤان بارزانی بۆ بەشداریکردنە لە کۆنفرانسی نەتەوەیەکگرتووەکاندا بۆ گۆڕانی کەشوهەوا (COP28) کە سبەی هەینی هاوکات لەگەڵ ژمارەیەک لە سەرکردەکانی جیهان لە شاری ئێکسپۆ دوبەی ئەنجام دەدرێت.

وەاتی ئیمارات سەرۆکایەتیی ئەم گەڵەی کۆنفرانسەکە دەکات و پرسەکانی تایبەت بە گۆڕانی کەشوهەوا و چۆنیەتیی ڕووبەڕووبوونەوەی لێکەوتەکانی وەاتان لە کەمکردنەوەی مەترسییەکانیدا، تاوتوێ دەکات.